# وەزیری دەرەوە لەگەڵ باڵیۆزی ئیتاڵیا پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان هەردوو وڵات تاوتوێ دەکات



ئەمڕۆ یەکشەممە "فواد حسێن" جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دەرەوە، لەگەڵ "ماوریتسیۆ کریکانتی" باڵیۆزی کۆماری ئیتاڵیا لە عێراق،پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان هەردوو وڵاتی دەستی تاوتوێ کرد.

وەزارەتی دەرەوە لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند :- ئەمڕۆ یەک شەممە "فوئاد حسێن" جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دەرەوە،لە نوسینگەی خۆی لە وەزارەت پێشوازی لە "ماوریتسیۆ کریکانتی" باڵیۆزی کۆماری ئیتاڵیا لە عێراق کرد .

وەک بەیاننامەکە ئاماژەی پێداوە:-لە میانەی کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ لەسەر پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی ئەستای نێوان هەردوو وڵاتی دەست کرا، هەروەک باس لە ڕێگاکانی بەهێزکردن و پەرەپێدانی ئەو پەیوەندییانە بە شێوەیەک کە خزمەت بە خواستە هاوبەشەکان بکات و لە بەرژەوەندی هەردوو گەلی دەست دابێت،جگە لە گفتوگۆکردن لەسەر کۆمەڵێک بابەت و پرس کە جێی بایەخی هاوبەشی هەردوو لا بوو لەسەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتی.